# ئاگرێک وا کەوتە ناخی دڵمەوە!

ئەگەر خۆشەویستی نەبوایە، خوداش مانای نەدەبوو



سولەیمان فەرشی

کات لێرەدا وەکوو پاندۆلی سەعاتی دیواری لە چوون وهاتن وگەرانەوە دایە

بە خۆم گوت با لەسووچێک دابنیشم
وەکوو بەردێک، بەئارامی ونهێنی
کە چی دیتم کە بۆم ناگونجێ ئاوا
ئەتۆ بەردی گرانیش وەقسە دێنی.[1]

<><><><><>

قوماش فرۆش[2] بە دەنگێکی بەرز و شایەرانە ئاوا دەچرێ:
کراسی هەمەرەنگە،
بۆ بالآبەرزو بەژن تەنگە،
هەتا بڵێی قەشنگە،
هەمووی کاری فەرنگە.

کراسی "خیابان و بیابانە"،
بۆ بالآبەرز و بالآجوانە،
سێوی نەگەیو، هەڵووچەی کاڵی،
کراسم هەیە،"زەڕی مسقاڵی"،

"دادرەمردم" و"مەخمەری کاشان"،
ئەگەرنەیسێنی،ئەوی پەژیوان،
"حەریری" هیندە،"کاری زۆر جوانە،
یاکووکاری یەزد،یا کورسانە،

"بشووروبپووش"،"هیچی" هەمە رەنگ،
پارچە بسێنە،هەزارویەرەنگ.

بە قەرا دەرەی لادووکانێکی پارچە فرۆشی، قوماشی بە لاشانیدا شۆرکردبۆوە. بە کووچەوکۆلآنی شاردا دەگەڕا، بالآ بەرز و قسە خۆش ولە بەردلآن بوو. پێکەنین هەموو دەم و چاوی دەڕازاندەوە، بریقەی دەدانە زیڕەکەی، تێکەڵی بریقەی چاوە چکۆلە جوانەکانی دەبوو. کچ و ژنی هەموو کوچە و کۆلآنی شار دەیانناسی، خۆشەویست وبەقاپێکراو بوو. زریقەوبریقەی قسەکانی جوانتر لە پارچەکانی بوو. خەڵکی شاری سەقزبوو.

ئەگەر لە ئازربایجان ئارشین ماڵەلانیان[3] هەیە وبۆتە فەخرو شانازیان وئۆپیراووباڵێت و شانۆ وفیلْمی لێ ساز دەکەن! ئیمەی کوردیش هەمووشتێکمان هەیە و هیچمان نیە.

<><><><><>

سەرەتای بەهار بوو، چۆمی گادەر[4] چیرۆکی رۆژهەلآتی کوردستانی ئاودیوی باشوور دەکرد. کێوە ڕەش سەری بە حاڵ لە مەلۆتکەی سپی بەفر دەرهینابوو، تیشکی خۆر زریقەوبریقەی خستبووە لەشی کێوە بە بەفر داپۆشراوەکان. دەنگێک وەکوو پۆلێک پەپوولە لە ئاسمان هەڵدەفڕی:
"هەی هەی، هەی هەی، هەی هەی....."

"مام عەلی وخدر[5] لەسەرکێوەکەوە، ئاوەژووی دۆڵی "دەراو"[6] دەبوونەوە. یەسترێکی سپی بە بار وسەربارەوە لە پێشیانەوە غاری دەکرد.
"هەی هەی،هەی هەی،هەی هەی....."

دەنگەکە پڕبوو لە خۆشەویستی، بەرەو ئاسمان دەچوو، هەتا تێکەڵ بە دەنگی حەزرەتی داوود بێ. ئێستا هەموو دانیشتوانی دۆڵی دەراو دەیانزانی مام عەلی لە سەفەری لێرکان[7] گەراوەتەوە.

<><><><><>

لە ژوورەکەی خدرلە سەر دیوارەکە "نەخشەیەکی گەورەی کوردوستان" هەڵواسرابوو، کاری خۆی بوو. لە رووی "مقیاس" و ئەندازەیەکی چکۆلە کراو، کوردوستانی گەورەی کێشابۆوە. زۆر مامۆستایانە بۆ نیشان دانی ئاو وسەوزایی وکێو و مەزراکان لە رنگەکان کەڵکی وەرگرتبوو. کارەکە هێندە زەرافەتی تێدابوو، مرۆڤ سەری سوورِ دەما. خدر یەکێک لە خویندەوارە زرینگ و باشەکانی شاری سقز بوو. شێوە نووسینی تایبەت بە خۆی هەبوو. وەکوو رۆژنامەوانێکی بە تجروبە فێری خێرا نوسین ببوو. کاتێک خەبەری رادیۆکانی دادەبەزاند هیچی بە خەتەر نەدەدا، هەمووی بە خرِی وپرِی دەهێنا سەر قاقەز. دەستخەتێکی زۆر جوانی هەبوو، لە هەمووی سەیرتر، بە دووقەدی وشەکانی دەنووسی! یانی کاتێک وشەیەکی دەنووسی، لە ئاخری پیتەکەوە دیسان بە سەریدا دەگەرِاوە. وا لە کاری نووسیندا خیبرە ببوو، تەنانت کاتی بە پەلە نووسین، یەک نووقەتەشی دانەدەنا.

ئەگەر ئەو لاوە لە وڵاتێکی پێشکەوتو بووایە، لە مێژبوو قۆستبوویانەوە و رەوانەی مەدرەسەی تایبەت و ناوەندەکانی کاری بە نرخ وئاکادێمیان کردبوو.

<><><><><>

لە یەکێ لە کۆڵانەکانی گەرەکی قەڵای سەردار لە بەردەمی دەرگای ماڵێک کۆمەڵێک ژن و منداڵ دەوری پارچەفرۆشەکەیان دابوو. هەرکەسە و قسەیەکی دەکرد.قسەکان تێکەڵ وپێکەڵ دەبوون.

ـ ئەو "پرِلۆنە" تەخت سپیێ گۆڵووردو شینە تازەیە، بۆ کراس ژنان فرە زەریفە ، بۆ پشتێن وپێچی پیاوانیش فرە خاسە. لە سقز وکورستانیش فرە بۆسە مۆد .

مۆدی تازەیە، کاری فەرنگە         شەش گەز نەسێنی، بە باڵاوتەنگە

ژنێک کوتی: وا دیارە بەو شرِە و برِە و زەرق وبەرقە هەموو کوردستان دەگەرِەیێ؟!

ـ خوشکێ گیان، مەجبوورم، ژن ومناڵم هەس، کورِێ گەورەم هەس.

ـ کورِەکەت چ کارەیە؟

ـ دانشجووە. ها لە دانشگای کرماشان، مناڵ گەورەکردن خەرجی هەس.

ـ یارەبی خودا دەوامی عۆمری بدا. ئەگەر وایە بەشی پشتێنێکی  پیاوانەم لەوپرِلۆنە تازەیە بۆلێکەوە.

ـ بان چاو.

ـ چاوت خۆش بێ.

هاتم لە لای مەدینە        پرِلۆن گۆڵ ورد و شینە.

<><><><><>

"حیزبەکان لە پێش دا سەربەخۆیی لە ئینسانەکان وەردگرن، ئەوجا کەسایەتیان لە قالبی تایبەت بە خۆیان دەدەن و بختەوەرانەش بەکوشتیان دەدەن، بێ ئەوەی بەختەوەربن."

مانگ بە تۆقی ئاسمانەوە خۆی هەڵواسیبوو، دۆڵی "دەراو" خۆی لە پەنا کێوەکان تاقەت کردبوو، چۆمی گادەر بەناوییدا هاژەی دەهات ومانگ و ئەستێرەکانی لە گەڵ خۆیدا دەبرد. کۆمەڵێک ژن وپیاو لە دەوری ئاگرێک هەڵتووتابوون، پرِیشکەی ئاگرەکە پرچی ئاڵۆزی شەوی هەڵدەپرِوزاند، هەموو چاویان برِیبووە تیشک و گرِی ئاگرکە و بیرەوەریەکانیان تێیدا دەبرژاند، بیرەوریەکان وەکوو گەنمە شامی هەڵدەتوقان و تیشکیان دەخستە چاوەکانیان و ئینجا دادەمرکان.

**ئاگرێ کە کەوتە ناو ناخی دەروون**

**گەرچی سووتاندینیی ئەمما، هەر بژی**[8]

مەنسوور چاوی برِیبووە سەمای گرِی ئاگرەکە و بە دەنگێکی گەرم ئەو گۆرانیە فارسیەی دەکوت:

"یک شب بیا منزل ما    حل کن دو صد مشکل ما"

لە پاشان پرشنگ کیژێکی جوانی مەهابادی بە دەنگە ناسکەکەی شەو وخەیاڵی هەڵدەفراند:
لە پردی سوور بەو لاوە- پاو و پووزی هەڵداوە
پاووپووزی چند جوانە- پاوانەی تێکراوە
بۆنی هەڵاڵان دێ - لە گەورە ماڵان دێ - نیدای چاو کاڵان دێ.....
خدر روو دەکاتە کاکۆ دەڵێ:
- سەرەتای ئینسان وهەموو ئاڵ وگۆڕەکان دەگەرێتەوە بۆ پەیدابوونی ئاگر، گڕی ئاگر، گڕێکی خستە ناو ژیانی مرۆڤەوە. ئاگرپەرستی خۆی خزاندۆتە ناو ژیانی کوردەواریەوە، ئاگروکورد، کورد و ئاگر هەرگیز لێک جیانابنەوە.
- باشە خدر تۆ بۆ گۆرانی نالێی؟
- دەنگم خۆش نیە؟
- لە کوێ دەزانی دنگت خۆش نیە، خۆ تۆ قەت گۆرانیت نەکتووە.
- دەزانم! دەنگم خۆش بایە لەمێژ بوو گۆرانیم کوتبوو.
- گۆرانی کوتن دڵی مرۆڤ دادەمرکێنێ، خەم ڕەوینە و کاری بە دەنگ خۆشی نەداوە.
- ئەرێ بیستووتە هەرکەس کولە بخوا،دەنگی خۆش دەبێ.

<><><><><><><><>

لە دەشتی ئەرمووش، مینە وەرشەو، هەرزاڵێکی باش وقایمی لە ژێر دار توویەکی گەورە ساز کردبوو، سەری هەرزاڵکە بە دار تووەکە داپۆشرابوو، دەورادەوری هەرزاڵەکەی "تێمانی" لێ دابوو.
مام عەلی و مینەوەرشەو و کاکۆ لە ژێر دارتووەکە دانیشتبوون.
مام عەلی دەڵێ: ئەو عالەمەیان دوو سێ ساڵە لەو کێووشاخە راگرتووە، بێ ئەوەی بەرنامەێکیان هەبێ وبزانن چی دەکەن وبۆ چی لێرەن، ئەگەر لێشیان دەپرسی دەڵێن: هاورێ گیان حفزی نیرو(راگرتنی هێز) زۆرگرینگە. ئەئاوا رایدەگرن!!
- مەعلوم نیە،پێشمەرگەین،پاشمەرگەین،چین ولێرە چی دەکەین! بۆ خۆیان ژن ومنداڵیان هێناوتە ئێرە و پاڵیان لێ داوتەوە و لە ئێمە بوونەتە سەرۆک عەشیرە وخەریکن عەشیرەبازی دەکەن.
- ئەوە خەریکن جەماعەت بەرێ دەکەنەوە بۆ وڵات، بێ ئەوەی بەرنامەێکیان هەبێ. هەموو ماندووبوون لەو بێ دەستەلاتی وکەمتەرخەمییە.
- هاتنی ئەو جەماعتە چندە بە بەرنامەبوو، چوونەوەشیان هەرئەوندە. جارێ زۆربەیان هەرلەسەرحیسابی شەخسی خۆیان دەگەرێنەوە.
- ئەرێ مام عەلی ئەوسەردەمەی لە بۆکان بووی چیت دەکرد؟
- لە دوای شەڕەکەی سەقز هاتم بۆ بۆکان، لە دبیرستانی کچانە دەرسی "شیمی"م دەکوتەوە،دەرس کوتنم پێ خۆش بوو، ئەویش لە ریشتەکەی خۆمدا.
- ئەی چۆنە، تائیستا ژنت نەهاوردوە؟
- تووەکەت بخۆ! برینم مەکولێنەوە.

<><><><><><><><>

"شەوێکی سامناکە، دەنگی تۆپ لە لای پادگانی شارەوە دەمێک ناوەستێ، لەو شەوە تاریکەدا لە ژێر رۆشنایی"منەوەرەکان"دا جولەی هەر زیندەوەرێک دەبیندرێ. هارەی فرۆکەکان و راکێت باران کوژراوی بە کۆمەڵی لە پاش بەجێ دەمێنێ، تێکهەڵچوونی پێشمەرگەکان و هێزەکانی نیزامی رژیم لە دوا ساتەکانی خۆی نزیک دەبێتەوە، یەکەمین تانکی رژیم دەگاتە سەر پردەکە و رێگا بۆهاتنە ناو شاری ئەرتەش و پاسدار و بەسیجی دەکرێتەوە، ئەوان دێوانە ئاسا دەستریژ دەکەنە هەر شتێک کە دەجولێتەوە.
مەفرەزە یەک کە چەند هەفتە، یەکێک لە مەتەرێزەکانی سەرەکی ناو شار بوو، ئێستا لە سەر یەکێک لە تەپۆڵکەکان کەوتۆتە گەمارۆوە، هەموو دەمەروو لە سەر عەرد درێژ بوون، لە پەنا گوێ

و سەر سەرێیانەوە گولەی ژ.3 بە ویژە ویژ تێدەپەرن، تەنیا رێگای دەربازبوون پاشەکشە بۆ بەری رێگای بۆکانە.

لە جادەی سەقز – بۆکان دەستە دەستە خەڵکی شاری سەقز بە پای پیادە و هێندێک بە سواری ماشێن لە حاڵی راکردندان. تەیارەکان ئەم بەر و ئەو بەری جادەکە بە راکێت دەکوتن. خەم و ئازارێکی زۆر گران خەڵکەکەی داگرتووە، لەم ناوەدا کەسانی ماندوو و بێ دەرەتان دەبێندرێن کە خۆیان لە بیرچۆتەوە و حەولی یارمەتیدانی خەڵکیانە، یەکێک لەو کەسانە کە چەند شەو لە بێ خەویی و بێ خواراکیدا لە شەڕی پاسدارەکاندابوو، مام عەلی یە!

بەهاری ساڵی 1359(1980) شاری سەقز پاش رۆژانێکی سەختی بەرگری کەوتە چنگی رژیم، هەزاران کەس ناچار کران دەربازی شاری بۆکان بن. مام عەلی بە هاوکاری هاورێکانی بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان و ئاسایشی خەڵک تێدەکۆشن. ئەو لە هەموو شوێنێک دەبیندرێ، لە ئوردوگا،"اسکان"ی شارداری، هەر کوێیەک کە خەڵکی لێ بێ ئەویش لەوێیە. ناوی مام عەلی بەردەوام لە سەر زارانە، هەموو بە شوێن ئەودا دەگەرێن. کەسێک دەپرسێ مام عەلی کوا؟ چووە بۆ ئوردوگا، یەکی تر دەڵێ نەخیر چووە بۆ "اسکان".

لە"ستادیۆمی وەرزشی" لە قوژبنێک منداڵێکی لە باوەش گرتووە و فرمێسکەکانی دەسرێ و کایەی لە گەڵ دەکات، دایکی منداڵەکە لە بەر نەبوونی ئاو و پێداویستییەکان زاڵەیەتی. مام عەلی رادەپەڕێ و بە سەتڵێک ئاو و چەند پەتوو دەگەرێتەوە، دایکی منداڵەکە پەتووەکان لە دەستی وەردەگرێ و دەڵێ:"بژی کاکە". رواڵەتی ماندوو و خەو نەدیتووی مام عەلی دەگەشێتەوە. ئەم مرۆڤە ئارزوومەندە، ئەم مرۆڤە عاشقە دڵ سووتاوی خەڵک، بە شادبوونی خەڵک دەگەشایەوە و بە ئازاریان رەنجی دەکێشا. تایبەتمەندییەکانی بەرزی ئینسانی ئاوێتەی گیانی ببوو.

هەر کاتێک دەهات ئەو شێعرەی هەر دەم دەگوتەوە:

سەلاموو عەلێکم حەمە

میوانی تۆم ئەم ژەمە

رۆحی سادە و ساکار و پڕ لە خۆشەویستی ئەو کاری دەکردە سەر هەر کەسێک. ئەو کە خۆی لە بێ بەشیدا پێگەیشتبوو، لە دەست دانی هەر دەرفەتێکی لە رێگای ئازادی خەڵکدا بە ناپەسەند دەزانی. باسی لە هەموو شتێک دەکرد جگە لە خودی خۆی. کاری بێ بڕانەوە و خەبات ببوو بە دروشمی سەرەکی ژیانی.

ئەورۆژانە تێپەرێ و خەڵک گەرانەوە شاری سەقز، بۆکان هەر لە دەستی پیشمە رگەدا مابووە، مام عەلی لە بێ بەشترین گەرەکی شار ژوورێکی بە کرێ گرت و زۆر زوو بوو بە دۆستی خەڵکی گەرەکەکە. خەڵک لە نێوان خۆیان و ئەودا کە دەبیرێکی دەبیرستان بوو هەستیان بە جیاوازی نەدەکرد،ئەو کە ساڵانێکی دورو درێژ تاقیکردنەوەی ژیان و خەباتی هەبوو."[9]

<><><><><><>

خدرهەمووکاتێک خۆی بۆئاخرین کێشکی شەوانەدەنووسی، بەم جۆرە بەرەبەیان دیتۆانی هەموو ئەو هاورەیانەی وا لە گەڵی خەریکی وەرزشی بەیانانن ،لەخەو راستەوەکاتەوە.

خدر خۆی بە ژوورێکدا کرد و چووە لای پەنجەرەکە ،دەستی خەستە سەر شانی بارام و بە ئاسپایی کوتی:

هاوڕێ بارام،هەستە،هەستە،ئەوانی تریش خەبەرکەوە.....

"خدر بەر لە ساڵی 1357(1978) لە جوڵانەوی خوێندکاران لە شاری سەقز بەشدار بوو، پاش رووخانی رژیمی شا لە چالاکی سیاسی بەردەوام بوو. خەڵکی کوردستان هێشتا هەوەڵین گوڵی بەهاری کوردستانیان پاش روخانی رژیمی پاشایەتی چاو پێنەکەتبوو، کە کوردستان کەوتە بەر هێرشی خێڵی مرۆڤکوژان، پاش داگیرکردنی شارەکانی کوردستان، پاش سنە، شاری سەقز کەوتە

بەر هێرش. ئەو شەو و ڕۆژ لە کاتی شەڕەکانی سەقزدا بۆ گەیاندنی خواردەمەنی و خواردنەوە بە شوێن پێشمەرگەوە بوو. پاش ئازادکردنی شاری سەقز لە لایەن پێشمەرگەوە دیسان کەوتەوە کار و تێکۆشان. لە بەهاری ساڵی 59 ئەویش وەک هەموو خەڵکی سەقز لە بۆکان گیرسایەوە. ئەویش بەردەوام لە ئوردوگاکان خەریکی کار بوو."[10]

کاکە لە ژێردارگێوژەکەی قەراغی چۆمی دانیشتبوو. بارام داوای لێکرد،شێعری خەوە بەردینەیان بۆ بخوێنێتەوە. کەس وەکوو کاکە لە سێحری فەلسەفەی ئەو شێعرە نەدەگەیشت. کاکە عاشقی شێعری حیدەر بابا بوو،هەرکەسێکی خۆش دەویست شێعری بەرزی"ئینسانی گەورەی" نازمی حێکمەتی پێشکەش دەکرد.ئینسانی گەورە! ئینسانی گەورە....

ئەو کۆمەڵە خەڵکە ئەو ڕۆژە لە لای خدر بۆ خواردنەوەی چای تووتڕک میوان بوون. کۆمەڵێکی تایبەت بە خۆ بوون،کە خۆشەویستیان لە ناو خۆیان دا بەش کردەبوو.

"خدر لە شاخ لێهاتووییەکانی خۆی زۆرتر دەرخست و جگە لە کاری ڕۆژانە بەردەوام خەریکی خوێندن و فێربوون بوو. ساتی بە فیرۆ نەدەدا. ڕۆحی لێگەڕان و بیرکردنەوە هانی دەدا بە سەبر و حەوسەلە بڕوانێتە گیا و دار و درخت و گوڵ و میوە و سروشتی دەوروبەری خۆی و لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکا. ڕۆژێک هاورێکانی بۆ خۆاردنەوەی چای تووتڕک(تورگ) بانگ دەکرد و ڕۆژێکی تر بۆ خواردنی نان و پنگە. ئەو هەرچەند تەمەنی کەم بوو، بەڵام زۆر باش توانیبووی بە سەر بارودۆخی دژواری شاخدا زاڵ بێ. ئەو کە سەبوری و کۆڵنەدانی لە برای شەهیدی ڕەحمان و دایکی[11] زەحمەتکێشیەوە فێرببوو، بە ڕاست سەمبولی پاکی و ڕاستگۆیی و میهرەبانی و فیداکاری بوو. ئارەزووی درێژەدان بە خوێندنی هەبوو، بەڵام وەزعی تایبەتی کوردستان و بێ دەرەتانی بنەماڵە ئەوی وەک هەزاران لاوی تری کوردستان لە دەرس و مەدرسە بێ بەری کردبوو. ئەو لە تەمەنی 14 ساڵانەوە کەوتبووە ناو خەبات و چوونە مەدرسەی لە لایەن دەزگاکانی حکومەتەوە لێ قەدەخە کرابوو. ئەو هیوای چوونە زانستگای لە سەر دابوو."[12]

<><><><><><>

هەموو ڕۆژێک لەگەڵ تاریک ورووني بەیانی، تەیارەکانی سەدام دەهاتن و ئەو دەشت وچیاوشۆێن وچۆڵگەیان بۆمب باران دەکرد، لە هیچ شتێکیان نەدەپاراست. دار وکێووشاخ هەموو سووتابوون و ڕەش هەڵگەڕابوون. وشەی **ئینتشار**،یەکەمین وشەی بەرەبەیان بوو: **هاورێیان ئینتشار!** دەبوایە هەموو بڵاوەیان کردبا و هەرکەسێک لە ژێربەردێک یان لەکونێکدا خۆی شاردبایەوە، بەم جۆرە ڕۆژ دەستی پێ دەکرد.

باقی ڕۆژیش هەمووخەریکی دارکێشان وچێشت لێنان ونان کردن بوون، بەشێکیش خەریکی قوڕەکاری وماڵ دروست کردن.

"مام عەلی ئێستا لە چل ساڵەگی نزیک دەبووە هەروەها پڕجۆش بوو. ڕواڵەتی دەم و چاوی پیری ناوەختی پێوە دیار بوو، قەڵافەتی لاوازتر و کەم هێزتر دەینواند، ، بەڵام ئەوین و خۆراگری لە کەمی نەدابوو بگرە زۆرتر ببوو."[13]

مام عەلی خشتی دەپێژا و زۆر بە کار بوو، کەس دەرەقەتی نەدەهات. دەتکوت سەد ساڵە ئەوە شوغڵیەتی!

ئەگەر کۆڵە خیزە ڕەشی دەهێنا ،بارەکۆڵی ئەو دوو هێندەی ئەوانی دیکە بوو، لە کاردا دانەدەما. تووکی سەری ماش وبرینجی بوو، لە ژێر خۆر بریقەی دەداوە،سمێڵێکی مەیلەوسوور دەم وچاوی ڕازاندبۆوە. لە ئیش کردن دا هەمیشە شادو بەکەیف بوو. "هەی هەی" کوتنەکەی بۆنی ژیانی لێ دەهات،ئەو بریقەی خۆشەویستی بوو. لەگەڵ هەمووان شۆخی دەکرد. خۆشەویستی خدربوو، خدریش خۆشەویستی ئەو. ئەو دووانە وەها پێکەوە خوویان گرتبوو،دەتکوت باوک و کوڕن. جیاوازی تەمەنیان زۆربوو، بەڵام لە ژیان وخۆشەویستی داهیچ جیاوازییەکیان نەبوو. ئینسانی

راستەقینە بوون،"ئینسانی گەورە" بوون و شێعریان بەسەردا هەڵنەگوترا، بۆخۆیان شیعرێکی نەکووتراوبوون.

<><><><><>

ئالەو رۆژەوە
چاوم لە بەندو
زیندان ترساوە،
دەرگای زیندانی ئەم ترسەم لە سەر
گاڵەدراوە.[14]

پاسدارەکان لەشی نیوە گیانی خدریان لە زیندانەوە بەرەو حەوش دەگوێزایەوە، زستان بوو، بەفر وڵاتی داپۆشیبوو. زۆریان بە شەلاق و قامچی لێدابوو، ئیستا هێنابوویان، لە سەربەفرەکە گلیان دەدا وەکوو باگردێن هەڵیان دەسووراند. چاوەرێ بوون دەمی بکاتەوەو نهێنیەکان بدرکینێ. بەڵام لەشی ناسک ولاوی وەکوو، ئاگر گری گرتبوو و لە نێو بەفرەکەدا پۆلائاسا سارد دەبۆوە و ئەوەندەی تر قایم وپتەوتر دەبوو. پیاوکۆژانی بێ بەزەیی، بەزیبوون لە حاند ئەو نەونەمامە گڕگرتووە.
تیشک وبریقەی چاوەکانی،رەمزی ئاگرە پیرۆزەکەی ئەهوورامەزدای تێ چزابوو، نە دەکووژاوە و نە دەبەزی.....

<><><><><>

ئەمیر و سەمەد لە پارکی میللەت لە تاران لە سەر کورسییەک دانیشتبوون.
ئەمیر ئەڵێ: ئەورۆ هەر کەس دەبێ ئاگای لە خۆی بێ ولەفیکری خۆی دابێ. زەمانە گۆراوە! کەس بەهاوارتە وە نایات،.برا لەگەڵ برا ناسولحێ.
سەمەد: پێم وایە گۆڕانکاری لە کەسەکانەوە دەست پێدەکا، ئەوانەی ئەۆرۆکە جۆرێکی تر دەجوولێنەوە، لەراستیدا لەوە پێش هەروابوون، بەڵام ئەو کات دەرفەتیان بۆ نەرەخساوە،ئیستا رووی راستەقینەیان وەدەردەخەن. پیاوی دزێو و ولارێ، هەر ئەوەیە کە هەیە، تاوانی زەمانە نییە. هەنووکەش کەم نیین ئینسانی ئازا و بەجەرگ وبەئەمگ و خەباتگێڕ.
ئەمیر: دەزانی مرۆڤ کە بێتە نێوکۆڕی خەباتەوە، ئەگەر فەقیر و کورە فەقیربوو، هەر لە هەولەوە دۆڕاندوویەتی. خەبات کردنیش بەبێ پووڵ وپارە ناکرێ. فەرموو، کورە دەوڵەمەندەکان هەر کوردستان ئالۆزبوو، خێرا وەرێکەوتن بۆ تاران و تەوریز و شاراە گەورەکان و خۆیان بزر کرد. لە سایەی ماڵباتەکەیانەوە هەموو شتێکیان بۆ تەرخان کراو ژیانیان بە ئاسودەی دەست پێ کردەوە. ئیستاش کە لە ئیران تەنگە تاوو بوون،رێگای دەرەوەی وڵاتیان گرتۆتە بەر. پووڵ و ئیمکانیان هەیە، لێرە هێلانەیان لە بشێوێ، لەشوێنێکی دی لەسەرراوە دەست پێدەکەنەوە.
سەمەد: بۆ خۆت یەکێ لە وانەی، ئەدی باسی خۆت بۆ ناکەی؟
ئەمیر: باسی خۆشم دەکەم، بەڵام ئیستا پێم وایە، ئەگەر مرۆڤ نەیبێ، هەر خۆی لەو رێگایە نەدا باشترە.
سەمەد: بەڵام ئەو قسانە دژی هەموو راستییەکن.
ئەمیر: چاو لێ بکە! کورە فەقیرەکان یان ئاوارەی کێووشاخەکان بوون، یا لەزیندانن یا لە بێ چارەیی خۆیان داوە بە دەستەوەو بوونەتە"تەوواب".
سەمەد: ئەوانە هەمووی بەهانەیە بۆ هەڵسوو کەوتی ئەورۆکە و هەڵسەنگاندێکی تاجرانەیە.
ئەمیر: بەهانەیە!؟

<><><><><>

لەچواررێی شەهناز لە شاری تەوریز لە ساندویچ فرۆشییەک، سەمەد وسمکۆ بە بۆنەی نان خۆاردەن لە گەڵ یەک دەدوێن.

سمکۆ: چەند ساڵ تۆانیمان ، "حیفزی نیرو" بکەین وهێزەکانمان راگرین هەتا نەکەونە بەر دەستی رژیم. ئیستا هەرکەس دەبێ بۆخۆی، لەئیمکانی شەخسی خۆی بۆ پاراستنی خۆی کەڵک وەرگرێ.
سەمەد: ئەو هێزەی راتان گرتبوو، ئێستا بە تەواوی لە ئێراندا پرش و بڵاوبوونەتەوە، کەس ئاگای لە کەس نییە، ئەی کوا رێکخستن و رێکخراوە و بەرنامە؟
سمکۆ: بەرنامەی ئێمە ئەوەیە دیسان لە کوردستان خۆمان بژێینەوە ،بنکەیکمان بۆ خۆمان هەبێ. تا ئەوکاتە دەبێ هەرکەس بۆ خۆی ئاگای لە خۆی بێ. دەتوانن بچن بۆ لای ئەو حیزبانەی لە شاخیین، تەنانەت دەتوانن بچنە لای سازمانی خەباتیش، ئێمە پێویستیمان پێیانە.
سەمەد: ئێوە لە سەر حیسابی حیزبی شیوعیی ، بەو هەموو میوانداری و پیاوەتییەک کە لە گەڵیان کردن، نەتانتوانی هێزەکانتان راگرن، ئێستا دڵتان بە سازمانی خەبات خۆشە!؟
سمکۆ: ئێمە ئێستا هیچ ئیمکانێکمان نییە بۆ هاورێکانمان.
سەمەد: ئەی ئەوانەی ئاوەڕووی وڵاتی سۆڤیەت بوون، کێ ناردوونی؟
سمکۆ: ئێمە نەمان ناردوون ،بۆخۆیان سەر بەخۆ چوون.
سەمەد: بەڵام، وڵاتی سۆڤیەت کەس بە بێ پرس و ئاگاداری حیزب و سازمان وەرناگرێ و قەبوڵ ناکا.
سمکۆ: نازانم! هەر ئەوە دەزانم ئێمە نەمان ناردوون.
سەمەد: من حازر نیم،جارێکی دیکە ئەو تەجروبەیە دووبارە بکەمەوە. لێرە لە نێو فینجانێک ئاو دا مەلێ دەکەم، بەڵام ناگەرێمەوە.
سمکۆ: کەیفی خۆتە.

<><><><><>

خدر هەموو کاتێک قسەی پێ بوو، گوێی دەدابە رادیۆکان وهەموباس وخەبەرەکانی وەردەگرت، پرسیاری زۆربوو. پاش خوێندنەوەی هەرکتێبێک، لێکدانەوەی تایبەت بەخۆی لە سەری دەدا. ڕۆخساری منداڵانە دەینوواند، جاری وابوو وەکو منداڵێکی خۆشەویست وبەستزمان دەهاتە بەرچاو. ئەندامی هەرە لاوی ئەو کۆمەڵە بوو. ترزلەکان لە قسەکانی حاڵی نەدەبوون و نەیاندەویست حاڵی ببن.
لە گوندی لێرکان دەفتەرێکی سەدبەرگی باخەڵی بۆ خۆی کریبوو. لە گەڵ خەت خۆشی، نەقاشی ورسمیشی زۆر باش بوو.
ئەو لاوە هەڵکەوتووە خۆش زەین و زرینگە، لە داوێن ئەو کێو وشاخە چی دەکا؟خوداش نازانێ!
لە گەڵ کاکۆش زۆر نزیک بوو،سێبەریان تێکەڵ دەبوو. کاکۆ هەمووکاتێک گوێی بۆقسەکانی راداگرت و لە خۆی نەدەتاراند،دۆستایەتێکی بە قووەت لە نێوانیاندا هەبوو.
خدر: کاکۆ دەزانی سینەما،سیستەمی وێنە خێراکان بەدوایی یەک دایە؟ یانی لە سەرەتادا بۆ هەر جوولەیەک لە سانیەدا،16وێنە دەکێشرێ، ئەو وێنانە کاتێک بە دوای یەکدابێن نیشاندەری جوولەیەکن.
ـ ها خدر دیسان چ شتێکی تازەت پێیە؟
دەفتەرە بەرگ سوورەکەی لە باخەڵی دەرهیناو، بە هەر دوودەستی نزیک کاکۆی کردەوە.
دەفتەرەکەی لە سەردەستی راستی تاقەت کرد و چوارقامکی دەستی چەپی خستە سووچی دەرەوەی دەفتەرەکە و بە قامکە گەورەکەی هەموو لاپەرەکانی بەرزکردەوە و نوشتاندییەوە،خێرا خێرا، یەکە یەکە سووچی لاپەرەکانی لە ژێرقامکی رەها دەکردو بەری دەدان، لە سووچی هەموو لاپەرەکان وێنەی کێشابۆوە، وێنەکان یەک بەدوای یەک دا دەهاتن وتێکەڵ دەبوون و وەجوولە دەکەوتن و دەبوونە سینەما.

"چەند کۆترێک بەرەو ئاسمان باڵیان لێدا و هەڵفڕین ، لە ناکاو تەیارەکان هاتن و بۆمبیان خستە خوارەوە، هەموو وڵات بوو بە ئاگر و دووکەڵ. کورد و ئاگر، ئاگر و کورد قەت لێک جیا نابنەوە."
کاکۆ دەفتەرە سوورەکەی هەڵگرتەوە.....
دەفتەرەکەی لە سەر لەپی دەستی راستی تاقەت کرد و چوار قامکی دەستی چەپی خستەسووچی دەرەوەی بەرگی دەفتەرەکە و بە قامکە گەورەکەی هەموو لاپەرەکانی بەرز کردەوە ونوشتاندییەوە، ئەو جارخێراخێرا، یەکە یەکە سووچی لاپەرەکانی لە ژێر قامکی رەها دەکردو بەری دەدان.
رۆژەکان لە پشت سەر یەک بە ریز دەهاتن وێنەکان تێکەڵ دەبوون و وەجوولە دەکەوتن. تەیارەکان مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی حیزب شیوعی بۆمباباران دەکەن.
لەم مێژووە پڕدووکەڵە
چۆن دووکەڵی ماڵ سووتان وتۆپ باران و کیمیاباران
لە نێو ئەم رووبارەلێڵە
چلۆن ئاو وفرمێسک وخوێن
لە یەک جیادەکیتەوە
تۆ لە نێوخەونی ژیاندادەخولێیتەوە![15]
خدرومام عەلی وێنەکەیان دەبێتە نەخش لە ناو دەفتەرە سوورەکەدا.....
کێوەرەش دەتوێتەوە...،ئاوی چۆمی گادەر بۆ ساتێک لەخوڕ و هاژە دە کەوێ...، پۆلێک کۆتری سپی تۆق لە مل لە قەندیلەوە بەرەو رۆژهەلات دەگەرێنەوە.
دنگێک لە دۆڵی دەراوەوە بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێ و هەڵدەفرێ و پڕ بە کوردوستان دەنگ دەداتەوە:
هەی هەی،هەی هەی،هەی.....،
.....،.....،.....،.....،.....،.....،
.....،.....،.....،.....،.....،.....،
....................................

16.05.2006 کۆڵن

ژێرنووس:

* وێنەی سەر بەرگ س. فەرشی

---

1- کتێبی" بزەی زەمەند" عەلی حەسەنیانی(هاوار)
2- باوکی کاک عومەر بەرایی، کە ئەویش دور لە تاقانە کوڕەکەی سەری نایەوە.
3- ئۆپرای ئارشین ماڵەڵان نوسیینی عۆزێر حاجی بێکۆفی ئازەری،(چیرۆکەکە باسی لاوێک دەکا ،کە بە پێچەوانەی رەسم و رسومی ئەو کات، دەیەوێ بۆ خۆی هاوسەرەکەی بدۆزێتەوە،هەر بۆیەش قۆماش بە شانی داداو بە گۆرانی کوتن کوچەو کۆلانی شار دەپێوێ ،هەتا دەگا بە ئەنجام.)
4- چۆمی گادەر لەرۆژهەلاتی کوردوستانەوە سەرچاوە دەگرێ هەتا دیجلەوفیرات دەروا
5- خدر (عارف خەلیفە زادە) ومام عەلی (عومەر بەرایی)
6- دۆڵی دەراو لە ناوچەی برا دۆست لە باشووری کوردوستانە، وکێوە رەشی لێ نزیکە
7- لێرکان گۆندێکی چکۆلەیە لە باشووری کوردوستان
8- شێعری فارسی سعدی، بە کوردی کردنی ح. ئەیوبزادە
آتشی کەاندرنهادما فتادـــ گرچەمارا سوخت اما زندەباد
زندەباد این آتش و سودای ما- آتش دیرندە در رگ های ما

[9]- "بە یادی دوو هاورێ" نووسینی برایم فەرشی (17ی ئۆکتۆبر) ساڵی 1988هەفتەنامەی "ئەکسەریت"، ئۆرگانی دەرەوەی سازمانی فەدایییانی ئەکسەریت ژمارەی 229

[10]- "بە یادی دوو هاورێ" نووسینی برایم فەرشی (17ی ئۆکتۆبر) ساڵی 1988هەفتەنامەی "ئەکسەریت"، ئۆرگانی دەرەوەی سازمانی فەدایییانی ئەکسەریت ژمارەی 229

[11]- دایکی عارف خەلیفەزادە و رەحمان کە پێشتر بە دەستی رژیم کوژرابوو، پاش مەرگی هەر دووک جگەرگۆشەکانی، کە هەردووکی بێ باوک گەورە کردبوو، رۆحی بەرەو ئاسمان چوو.

[12]- "بە یادی دوو هاورێ" نووسینی برایم فەرشی (17ی ئۆکتۆبر) ساڵی 1988هەفتەنامەی "ئەکسەریت"، ئۆرگانی دەرەوەی سازمانی فەدایییانی ئەکسەریت ژمارەی 229

[13]- "بە یادی دوو هاورێ" نووسینی برایم فەرشی (17ی ئۆکتۆبر) ساڵی 1988هەفتەنامەی "ئەکسەریت"، ئۆرگانی دەرەوەی سازمانی فەدایییانی ئەکسەریت ژمارەی 229

[14]- شێعری"زیندان"لەکتێبی"زەوی سەخت وئاسمان دوور" (مارف ئاغایی)

[15]- شێعری "خەون"لە کتێبی"زەوی سەخت وئاسمان دوور" (مارف ئاغایی)